# کۆتایی بەشێک لە کتێبی مێژوو

## نامەکانی
## گۆنتەر گراس و کنزا بوروا ئووئە

لە فارسییەوە: بەدرەدین ساڵح
(نەرویج)

لەوێوە کە کارەساتە ترسناکەکانی شەڕی دووەمی جیهانی هێشتا کارتێکردنی چڕیان لەسەر ڕەوان و لەشی گۆنتەرگراس-ی نووسەری پابەندی ئەڵمانی بەجێ هێشتووە، هێشتا ئەو نووسەرەی وەکو هەزاران مرۆڤی شەڕ دیتوو، لەگەڵ هەزاران «کابووس»ەکانی ڕەوانی و جەستەیی ڕووبەڕوو کردووەتەوە. هاتووەتە سەر ئەوەی کە ئەگەر بۆ ئارام کردنەوەیەکی کاتیش بێت، تۆزقاڵێک لەوەی کە بەسەری هاتووە، بۆ هاوکارو هاوخەمێکی تری وەکو «کنزا بووروا ئووئە» نووسەری ژاپۆنی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی (١٩٩٤) بنووسێت.

یادداشتەکانی «گۆنتەراگراس»، وەک نامەی کراوە، هاوکات لە چەند بلاڤۆکێکی ئەڵمانی، ئەوروپایی (بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسایی) چاپ دەبن. وەڵامەکانی «کنزا بووروائووئە»ش هەر بەوشێوەیە چاپ دەبن.

کۆی نامەکانی ئەم دوو نووسەرە ناسراو و خاوەن ڕایەی جیهان، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە گۆنتەرگراس لە سەردەمی شەڕدا سەربازبووەو «ئووئە»ش قوتابییەکی دە ساڵە خوێندنەوەی ئەم نامانە، خوێنەران بە وێنەی دوور، دڵگیر و پڕاوپڕ لە هەستی پاک و ئەندێشەی مرۆڤ دۆستانە ئاشنا دەکەن. هەروەها ئەو زانیارییانەشی دەداتێ کە لەوانەیە کەمتر کەسێکی مێژووزان یان شارەزاو ئاگادار لە ڕووداوەکان توانایەکی ئەم جۆرەی هەبێت.

ئەم نامانە، دەتوانن زانیاری و ئاگاداری دڵگیر، سەبارەت بەشەڕو بەتایبەت بارودۆخ و شوێنگەی دوو حکوومەتی وەکو ئەڵمان و ژاپۆن بدا بە خوێنەران.

**گۆنتەرگراسی ئازیز:**

کاتێک شەڕ تەواو بوو، من تەنیا دە ساڵ بووم. بەبێ ئەوەی کە وەکو ئێوە بەشداریم لە شەڕدا کردبێت، هەواڵی تێکشکانی وڵاتەکەم بەهۆی ئاگادارییەکی ڕادیۆیی، لە یەکێک لە دوورگەکانی ژاپۆن، لە گەلییەک لە ناوجەرگەی شەڕدا بیست. لە ڕادیۆوە دەنگێک لە (Tenno) هات،

دەنگێکی زۆر بەهێزی خوایی.. و ئەو ڕۆژە، بەڵام ئەو بە چریکەیەکی مرۆڤانەوە دەئاخڤی.

ئەو ڕۆژگارە کە بەم جۆرە ڕۆژانە دەستی پێکردبوو، بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی نوێ کۆتایی پێ هات و دەوڵەتێکی دیموکراتی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتیی من، لە ڕاستیدا باشترین سەردەمان لە تەواوی ژیانی مندا. بەهۆی خوێندنەوەی نامەکەی تۆ، بیری بیرەوەرییەکم کەوتەوە کە تا چەند ساڵ دوای شەڕ، هزری منی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

کوڕیژگەیەک؛ کە من بووم بە درێژایی شەڕ پێگەیشت و گەورە بوو، هەردەم دەکەوتە ژێر کاریگەریی هەستە کاتییەکان، لەلایەکەوە حەزم دەکرد کە بەسەلامەتی لە شەڕەکە ڕزگارم بێت و هەروەکو سەربازی «تەنوو» بکوژرێم و هەر لەو کاتەشدا ترسم لەو جۆرە مردنە زۆر بوو.

دڵەڕاوکێی من لەسەر ئەوەی کە ئیتر درەنگ بووەو شەڕیش بەبێی من کۆتایی پێ دێ و هیوای ئەوەی کە وجوودی من لەشەڕدا هیچ پێویست نەبێت، لەرزو سستییەکی ترسناکی لە دەروونی مندا دروست کردبوو.

کاتێک شەڕ بە تەواوەتی کۆتایی هات، تا ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر پێم وابوو کە دەبێ کۆمەڵەی وا هەبن خۆیان شاردووەتەوەو تێکشکانیان پەسند نەکردبێ و هەر ئەوانە ڕۆژێک لە ئێمە، ئێمەی کە هەلی بەشداری لە شەڕمان نەبووە، داوا بکەن تا قەرزی خۆمان بدەینەوەو بە پەیڕەوکردن لەوانەوە شەڕ بکەین.

لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ جۆرە خۆڕاگرییەکی چەکدارانە لە دژی هێزەکانی سەرکەوتووی هاوپەیمانان لە ئارادا نەبووە، من منداڵ بووم و بە تەواوەتی نەمدەزانی کە گەورەترەکان، لەو بارودۆخانەدا، چ گیروگرفتێکیان هەبوو. تەنیا بەوەوە نووسابووم کە نەخشەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی نوێ دانرا بوو، ئەو یاسایە بنەڕەتییە، ئیتر پەیوەستە بە ئێمەو ئەمڕۆ تا لە بچووکترین لادێکانیش گەیشتووەتە قۆناخی جێبەجێ کردن و کارابوون، ئیتر کوڕە لاوێکی وەکو من دڵی بەوەوە خۆش بوو کە سیستەمێک کە دیموکراسی پێ دەوترێ، دەتوانێ پارێزگایە دووره دەست و لاتەریکەکانیش، بە تۆکێوە بەستێتەوە کەسوکارەکانی من لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە، لە نێو دڵی گەلییەک لەناوجەرگەی لێڕەوار ڕەگوریشەیان هەیە و ئەو فەرهەنگەی کە ئەوان پێیەوە دەژین، بووە بە خووڕەوشتیان. من یەکەم ئەندامی بنەماڵە بووم کە لەو گەلییە هەنگاوم وەدەرناو گواستمەوە بۆ تۆکیۆ. ئەدەبیاتی فەرەنسام خوێندەوەو بووم بە نووسەر، لەو ڕۆژگارەیدا کە بووم بە ڕۆماننووس و ژیانی نووسەریم دەست پێکرد، لەگەڵ کارەسات و جنایەتەکانی لەشکری ژاپۆن لەگەڵێک وڵاتی ئاسیایی و بەتایبەت لە چین ئاشنایەتیم پەیدا کرد،

لە بابەتی ئافرەتە کۆرییاییەکان کە بەدرێژایی شەڕ، بەناوی (پەڕمای Ianfu) (قۆندەڕەی ئاسوودەیی) بە زۆردارەکی ناچار بەبێ ناموسی دەکران، ئاگادار بووم. تێگەیشتم کە مەسەلەی زوڵم و زۆری و جیاوازی سەبارەت بە کۆرییاییەکان، کە ئازارو ئەشکەنجەدانی ژنانی کۆریایی بەردەوامییەکەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا.

واتە سالی (١٩١٠) کە وڵاتی ژاپۆن کۆریای بە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی خۆی دەزانی، هەروەها ئەوەشم چنگ کەوت کە ڕوانگەی ژاپۆن سەبارەت بە ئاسیا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی وڵاتەکەمانەوە هەیە. دوای ئەمانە، لەگەڵ لایەنەکانی کارەساتی هۆکارەکانی بۆمبابارانی ئەتۆمیی هیرۆشیماو ناکازاکی، زیاتر ئاشنا بووم، ئەمە کێشەیەک نییە کە بڵێین پێوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و کۆتایی پێ هاتووە.

بە وردبوونەوە لە ژمارەی ئەو قوربانییانەی کە بەهۆی کارتێکردنی ئەتۆمی و میکرۆبی کە دواتر نیشانەکانی وەدیارکەوتن و وەدیار دەکەون، دەتوانین بڵێین کە کارەسات هێشتا تەواو نەبووەو هەر ساڵ دوای ساڵیش زیاتر، زیانەکانی دەردەکەون، هەروەها ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە ئێمە بەخاتری خۆمان و بەخاتری قوربانییەکانی بۆمبای ئەتۆمی، دەبێت ئەوە بسەلمێنین و داوای هاوڕێکییەکی جیهانی بکەین کە بە هاوئاستی و هاوڕێکی ترس و تۆقاندن ڕێکبخرێ.

ئێستا کاتێک بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، ساڵەکانی سەرەتای سەردەمی نووسەریم، ئەو کات کە مرۆڤێکی لاو هەروەکو (ئۆسکار) جارێکی تر لەبەرچاوم پەیدا دەبێت- «ئۆسکار» لە کتێبی «تەپڵی تەنەکە» (١)دا- بەهای ئەم ڕۆمانە بۆ من بە ڕادەی یەکێک لە باشترینەکانی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەیە. ئەو (ئۆسکار) بەبێ ئەوەی هەرگیز توانیبێتی لەگەڵ بێ تاوانییەکانی سەردەمی لاوێتیی خۆی مەودایەک بپارێزێ و خۆی دوور ڕابگرێ، برینێکی ڕەوانی و جەستەیی ترسناک بە خۆیەوە دەگرێ. برینێک کە هەرگیز دەرمانی بۆ نییە. سەرەڕای ئەمە، ئەو زۆر بە باشی دەزانێ کە هەست کردن بە بەرپرسیارییەتییەکی هاوبەش دەتوانێت ئەو ئەوکەسانەی کە ئەویان تووشی ئەم ڕۆژە کردووە، دڵیان یەک بکاو یەکگرتوویان بکا. ئۆسکار هاواری دەکردو هاوار دەکا بەبێ ئەوەی بزانێ هاوارکردنی ئەو کارتێکردنی دەبێت یان نا.

دیسان لە سەرەتای ڕۆژگاری نووسەرێتیم - تەواو ئەو سەردەمەی کە چاوەکانم لەسەر قوربانییەکانی ترسناکی بۆمبای ئەتۆم و بەهایەکانیان کرانەوە - بووم بە خاوەنی کۆڕپەیەک کە بەوپەڕی پاشکەوتوویی زەینییەوە هاتە دنیاوە. ساڵەکانی یەکەم تەنیا ئاوازەکانی چۆلەکە بۆوی

واتای هەبوو. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ، ناکرێ بڵێین کە ئەو دەتوانێ بە ڕادەی پێویست لەتەک هەر مرۆڤێکی تردا، جگە لە مەیدان و بواری مۆسیقا، پێوەندی ببەستێ، بەڵام من لە ڕێگای ژیان دەگەڵ ئەودا، توانیم لەگەڵ ئۆسکاردا کە گیانی ڕزگار ببوو، هەست بە هاودەردی بکەم، بۆچی؟ چونکە من ئەوم لە دەروونی خۆمدا هەڵدەگرت و ئەویش هەر ئەو بابەتە بوو کە من بە درێژایی ئەو ماوەیە هێنامە سەر کاغەز.

گۆنتەر گراسی ئازیز، ئەگەر قەرار وابێت، ئاماژە بە بابەتێک بدەم کە وەک نموونەیەک بتوانێت دەربڕی بارودۆخی سیاسی لە بارودۆخی ئێستای وڵاتەکەم بێت، دەبێت بڵێم کە پەرلەمانی ئێمە، لە ساڵڕۆژی پەنجایەمین ساڵی کۆتایی هاتنی شەڕ، دەمەوێ بەیاننامەیەک پەسند بکەن کە تێیدا شەڕ لە سیاسەتی میللی جیا دەکاتەوەو وەلاوە دەنێ. ئامانجی ئەم بەیاننامەیە داڕێژراوە، هەروەها هوشیارکردنەوەی زەینەکانە سەبارەت بە دوایین جەهەننەمی شەڕی جیهانییەو بەو شێوەیە بۆ جیهان ڕادەگەیەنێ کە ژاپۆن ئیتر هەرگیز هەڵگیرسێنەری شەڕ نابێ، بەڵکو لە جیاتی ئەوە، دەبێ بە پارێزەری ئاشتی.

لە وڵاتی ئێمەدا، لا باڵی ڕاستی حکوومەت، بە ئاشکرا ئەو کارەساتانەی کە ژاپۆن لە ماوەی شەڕی داگیرکاری خۆی، لە ئاسیا قەوماندوونی و دواتر لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانەوە پێی سەرکۆنە کرا، ڕەت دەکەنەوە. ئەم کەسانە کە شوێن پێی سەردەستەکانی خۆیان دەکەون و دان بە هیچ داگیرکارییەکیان نانێن، بێ گومان باوەڕیان بە ڕێگای خۆیان هەیە. هیچ کام لەمانە، تا دوای ئەوەی کە لە دەسەڵات دوور خرانەوە، یان بە بیروباوەڕی خۆیاندا چوونەوە، لە کارو کردەوەی ڕابردوویان، لەسەر داگیرکاری پەشیمان نەبوونەوە. هەر ئەوانەش هەر لەو کاتەدا کورسییەکەی خۆیان لە پەرلەمانیش نەدۆڕاند. بەڵێ ئەوانە ماکی سەرەکیی ئەو هێزانە پێکدێنن کە لە دژی ئەو ڕێکەوتننامەیەی ناومان هێنا، تێدەکۆشن.

هەر بەو هۆیەوە من لەسەر ئەو باوەڕەم کە تێپەڕین لەو سنوورەی بێ باوەڕی کە ئێمە لە ئاسیادا دەیبینین و شاهێدین، کارێکی زۆر سەخت و دژوارە. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا تا بە دڵەڕاوکێیەکی تایبەتی، سەبارەت بە بنەماڵەی قوربانییەکان و بیروباوەڕی ئەوان، سەبارەت بە ئەو کەسانەی لە شەڕدا سەرکەوتوون، وتارو بابەت دەنووسن. بۆ ئەوانە دانانان بەو بابەتەی کە ئامانجی شەڕ شتێک جگە لە داگیرکاری نەبووە، دژوارو سەختە. لە ڕوانگەی منەوە، ئەمە کێشەیەکی سەرەکییە، بۆچی؟ چونکە تا وەکو قوربانییەکانی شەڕی جیهانیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە قوربانیانی شەڕی داگیرکاری بوون. داخی ئێمە دەبێت تاکو ئەو تاوانبارانەش بگرێتەوە کە لەو شەڕەشدا کوژراون. بەتایبەتی کاتێک بیر لەو سیستەمە سیاسییە دەکەینەوە کە لەپشت ئەو شەڕەوە خەوتبوو، بەڵام من لە خۆم دەپرسم کە ئایا ئێمەی ژاپۆنی نەدەبوایە، جەزای تێکشکانمان لە دەوڵەت وەربگرتایەوە. ئایا ئەم کوژراوانە دووبارە ئابڕووی خۆیان دەست کەوتۆتەوە یان نا؟ کەواتە لەم کاتەدا، ئایا نابێت ئێمە بە جۆرێک بتوانین داخی گران و قووڵی خۆمان سەبارەت بەو مرۆڤانەی کە بە زۆری و وەکو تاوانبار لە شەڕێکی داگیرکارانەدا کوژراون، دەرببڕین؟

لەو کاتەدا لەوانەیە هیوایەک بۆ پێکهاتنێکی ڕاستەقینە لەنێوان بنەماڵەی قوربانییانی شەڕ لە ئاسیاو سەربازە زیندووە تێکشکاوەکانی شەڕی داگیرکاری دروست ببێت.

لە ڕووداوێکدا بێوەژنێکی ژاپۆنی لەبەردەم بەرپرسانی دەوڵەتی ژاپۆنی وەستا. ئەو ژنە لە ڕێوڕەسمی بێزارکەرو فەرمی بەخاک سپاردنی مێردەکەی کە لە شەڕدا کوژرابوو، ناڕازی بوو. مێردی ئەم ژنە مەزهەبی کاتولیکی بوو و لە گۆڕستانی «Yasukuni - Jinis» کە پەیوەستە بە «Shintoist»ەکان. ئایینی فەرمی کۆن لە وڵاتی ئێمەدا – بەخاک سپێردرا. ئەم خاتوونە بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی خۆی لە هیچ هەوڵدانێک سڵی نەکردەوەو بەو هۆیەوەیە ئێمە لە بەرانبەر خۆڕاگریی ئەودا، سەری ڕێز دادەنوێنین. ئێمە دەتوانین دەنگی ئەو ژنە ببیستین کە هەوڵی دەدا، جەستەی مێردەکەی کە لە شەڕدا کوژرابوو و ڕژێمیش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، سوودی لەو جەستەیە دەبینی، وەربگیرێتەوەو هەروەکو مرۆڤێکی ئاسایی و بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی بەخاک بسپێرێ. من هیچ گومانم لەوە نییە کە دەنگی ئەو ژنە، بەسەر هەموو سنوورەکانی هەموو ئایینەکان ڕەت بووەو لەگەڵ دەنگی زیندووەکانی دوای شەڕی جیهانی، دەبێ بەیەک دەنگ. ئەگەر کارەکانیش هەر بەو ئاقارەی کە هەیە بەرەو پێش بچن، هاتوهاواری پارێزگارانیش، بەهیچ کوێ ناگاو پشتیوانانی بەیاننامەکە بەرهەڤ نین کە بەهۆی هەست و سۆزی زیندووەکانی دوای شەڕ، شەڕەکە بە شەڕێکی داگیرکارانە بزانن.

گۆنتەر گراسی ئازیز، لە نامەی داهاتوودا، دەمەوێ سەبارەت بە چەند ڕێبازێکی نوێ لە وڵاتەکەمدا بۆت بنووسم.

**لەگەڵ ڕێزو دڵسۆزیدا**
**کنزا بوروا ئووئە**

**(١) تەپڵی تەنەکە؛ ناوی ڕۆمانە ناودارەکەی گۆنتەر گراس-ە.**

**سەرچاوە: گۆڤاری ئادینە – ژمارە (١٣١)، ساڵی (١٩٩٨)، ل ٢٦، ٢٧.**